www.kurdistannet.org
13/07/2003 13:04



# مێروولەکان

نەریمان مۆریاسی

ئاوی بە لوعەکە دەڕۆیشت، کە س نەبوو بیگرێتەوە، من هاوارم کرد ( (پورە مینا سبەینێ شەممەیە دەبێ بگەمەوە سەر دەریا، ئەمشەو دەترسم دێمەلای تۆ دەخەوم) )

بێدەنگییەکی هێمن بوو تاریك و نسرم و شێدار بوو، لە ژووری ژێر دار تووەکەوە ورە وڕێ دەبیسترا، لە بێدەنگییەکی وادا لە خۆتەوە گریانت دێ، نیوەڕوانێکی وات بیر دێتەوە، گوڵەکانی تەمەن لەبەرامبەر هیچدا هەڵدەوەران، ساڵانێکی دوور لەو ئێوارەیەی من سەری دایکم و پیرە ژنەکەی دراوسێمانم تیا شکاند من (گەڕامەوە) ، پاش ساڵانێکی پڕ لە تەنیایی و تاریکی و مێروولە، کاتێ بوو من گەڕامەوە، کازیوەکان هێشتا ماچی ئەستێرەکانی دوێنێ شەویان لە کولمەکانیان نەکردبۆوە، بێدەنگییەك ختوکەی دەدام جار جار گوێم لە تەقە دەبوو، ئەو بێدەنگییە دەستکرد بوو من دەمزانی دەستکردە، لە پشتی دەرگاکان و درەختەکان و ئۆتۆمبیلەکان و پەنای سەتەلایتەکانی سەربان و عارەبانەکان و پاسە شەقو شڕەکان و شوتیو کاڵەکی تەپیوەوە، خۆیان مەلاس دابوو. بۆچی؟ بێدەنگی و تاریکیو هێمنیو دەرگایەکیش بجوڵێ! ئەستێرەو خۆریش دیار بن و لە جیاتی خەرمانەی مانگێك، یانزە مانگ خەرمانەیان دابێ، تارماییە هێمنە بێدەنگەکانی ناو کونی دەرگا قفڵ دراوەکان و ئەوانەی ژێر دەرگاکانیش ببوونە جاڵجاڵۆکەی سەیر، گەڕامەوە بەردەمی ژوورەکەی ژێر دارتووەکە، نازانم بڵێی بتوانم بچمە ژوورەوە. ؟

تەنیا بووم کاتێ چوومەوە لایان، چەمەکانیان بۆ ژێر دۆشەك و قەرەوێلەکان راکێشابوو، ئاو بەژێریاندا دەڕۆیشت، هەموو شتێ دەڕۆیشت، وەستان نەبوو، خەونی وات دەبینی دەهاتە دەرەوەو بەر شەقی دەدایت و دەشچووەوە ژوورەوە. . . بۆکوێ دەچوو؟ کەس نەبوو پرسیار بکات کەس فرسەتی پرسیار کردنی نەبوو، ئەمان هەڵاتوون، گەڵاو لقی درەختەکانیان راکێشابوو دەیاندابە خۆیاندا، گریان و فرمێسك و پێکەنینیان وشك کردبۆوەو بەبن میچەکاندا هەڵیان واسیبوو، یادگارەکان خرابوونە چوار چێوەی چیلکەوە، پشیلەیەکی جوانکیلەو گوڵی دڕکاوییان بەلای گۆرانیو سرودو نوێژو نزاکانەوە دانابوو، هەر کە نۆتەیەك ئاوازێ ئایەتی نوێژی نزایەك، بەردەبوونەوە پشیلەکە رایدەکردو دەیگرتنەوەو دەیخستنەوە شوێنی خۆیان، ئەم کارەش وایکرد بوو بەردەوام دەنگێ دەبیسترا، تەقە نەبوو، ئەو شتانە کاتێ بەردەبوونەوە نەدەبوونە گولله، دەبوونە مێروولەی رەنگاورەنگی ئاسایی دەچوونە ئەو سەری گەردوون و دەگەڕانەوە، ژێر زەمین و ژوورەکان و کون و قوژبنە تاریکەکان و ژێر دەریاو هەورەکان و ماڵۆچکەی جنۆکەکان و ژێر گۆڕو گومەزو میحرابی مزگەوتەکان و مەرقەدەکانیان تەی دەکرد، کاتێ دەشهاتنەوە چلێ پووشی سیس و دەنکێ گەنم یان ناوکە خورماییەکیان دەهێنایەوە، هیچیان دەهێنایەوە هیچ، ئەمسەرو ئەو سەری گەردوون دەگەڕان نەشدەکەوتنە خوارەوە، بەلام هەر باش بوو هیچێکیان دەهێنایەوە، مێروولەکان بەو کارەیان دڵخۆش بوون، هەورەکان وردە وردە دەهاتن لەولای رووبارەکەوە دەیاندا بەزەویدا و دەیانووت کەس و هیچ نەمان درەختەکان ئەستێرە دەگرن، دەنگیان دەنگی خوڕەی فرمێسك و هەڵکردنی باران بوو، ماچەکان بە بزمارێکەوە هەڵواسرابوون تا ئەو کاتەی منیش گەیشتم هەر خوێنیان لێ دەچۆڕا، نەمدزەانی لەکەیەوە وایان لێکراوەو بۆچی ئاوا هەڵمیان لێهەڵدەستێ، مێروولەکان گەورەترین قاچاغچی (گەردوون) بوون، لێرەوە چاوی شین و جۆرەها چاوو قاچ و دەست و پەنجەی جۆراوجۆریان دەبردوو لەو سەرەوەش پووش و دەنکە گەنم و لاڕانی قالۆنچەیان دەهێنایەوە، کاتێ من گەڕامەوە بێدەنگییەکە بە بێدەنگی بەرەکانی جەنگ دەچوو، بێدەنگی چەند چرکەیەك بەر لەشەهید بوون بوو، هەمو حەوت دەقە جارێ پشیلەکان دەنیشتنەوەو مێروولەیەکیان دەخواردو، بەرز دەبوونەوە، من کە ئێرەم جێهێشت گوڵەکان هێندە باڵا بەرز نەبوون ختوکەی پەپوولەکان و مرواریيەکانی دەریا بدەن، شەوان سەربانی ماڵەکان پڕ دەبوون لە حەژمەتی ماچ، ئاسمانەکان بەلافاوی سۆزو شەهوەت لێوان دەبوون، ئێستە هەموو شتێ دەگری، ئەوەتا هێشتا وەك جاران لە حەوشەکەماندا گوێم لە دەنگی خوێندنی کوکوختیەکەیە، بۆ کێی دەخوێند؟ بۆ کێ دەخوێنێ؟ کاتێ گەیشتمەوە، پەنجەرە شکاوەکانی ژوورە تاریکەکەی ژێر دار تووەکەی

www.kurdistannet.org
13/07/2003 13:04



حەوشەکەمان، چاك نەکرابوونەوە، ئەو پەنجەرانەی من لە دووریی ۳۰۰ مەترەوە بەقۆچەقانی هەڵمتەکانبوون و سەری دایکم و عەینەکەکەی باوکم و سەری پورە مینای دراوسێشمانم شکاندبوو نازانم بڵێی ئێستە سەری چاك بووبێتەوە؟ ئەو پیرە ژنە کلۆڵەش تەواوی هەشت رۆژ نەیدەتوانی دابنیشێ و بخەوێ، چونکە مێروولەیەك لەم مێروولانە چووبووە ناودەرپێ و ئاوەڵکراسەکەیەوە، شەوی نۆیەم چاوەکانی لە ترکواندن کەوتن و تا درەنگانێ من گوێم لە دوعاو نزاکانی بوو، بەخەوتنەوە لەسەر پشت و لەسەر سەروو بەدانیشتن و چوار مەشقیەوەو لەسەر پێی و بەسەرمەقولاتەوە، هەر نوێژی دەکرد، نوێژی دەکرد بۆ ئەوەی نەمرێ، ئەگەر مردیش خوا ئیمانی بداتێو بیخاتە بەهەشتەوە، زۆر مەبەستی بوو بچێتە بەهەشتەوە هەر دەگریا، گوێم لێی بوو تا بەرەبەیانی دوێنێش کە هاتمەوە بۆ ئێرە هەر دەگریا، ئەو شەوە گریان و نزاو پاڕانەوەکانی هێندە بەسۆ بوون من خۆزگەم دەخواست بیخەنە بەهەشتەوە، خۆزگەم دەبرد بمزانیایە بە هەشت لە کوێدایە، پاش بیست شەوو گیان دان و کەف و چەران لە شەوی بیست و حەوتەمین رۆژی رەمەزانێکدا گیانی دەرچوو، من گیانیم نەدی بەلاّم قیژەیەکی ترسناکم گوێ لێبوو تێکەلاّوی دەنگی (ئەللاهو ئەکبەر ئەللاهو ئەکبەر حەی عەلە سەلاّت... بوو، هەموو ئەوانەی لە هەیوانە تاریکەکەدا کۆببونەوە، بەیەکجار هاواریان کرد تەواو بەهەشتییەچۆن دەیانزانی؟ نەمزانی من لەسەر دیواری نێوان ماڵی خۆمان و ماڵی پورە مینا وەستابووم، هەر ئەو سەر دیوارە بوو من چەند جاری تر لەسەری دەوەستمەوە... گیانی دەرچوو، چۆن و بۆ کوێ، دەرچوو، زۆر لە دراوسێکان دەیانوت کوڕەکەی بەمشت کێشاویەتی بەسەریداو خوێنی لەدەم و لوتییەوە هێناوەتە دەرەوە هەر ئەو شەوەش رایکردووە، ئیدی کەس نەیبینوەتەوە بێ باکانە تەرمەکەی دایکی جێهێشتووە، ماوەی پەنجا شەو پیرەژنەکەی دراوسێمان لە حەوشەکەیاندا مایەوەو کوڕەکەشی هەلاّتبوو، ئێمە نیوەڕوانان لە کونی دەرگای حەوشەکەیانەوە سەیرمان دەکرد، پورە مینا هەستاوەتە سەرپێ و قاپ و قاچاغ دەشواو ئێوارانیش بەر لەوەی هەر کەس بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوە، وەك وەفایەك، دواجار بەنۆرە سەیرێکی دیکەمان دەکردەوە، دەمانبینی هەڵپەڕکێ دەکات، گەڕامەوە ئەو شەوانەی بەترسەوە بە باوکم دەوت: بۆ ناچیتە ماڵی پورە مینا، ئێمە بینیمان پورە مینا لە وێ هەڵپەرکێی دەکرد بۆ ناچی دەرگای ژوورەکانی بکەیتەوەو، بەناو هەیوانەکەیاندا بگەڕێیت، هەر لەبەیانییەوە تا نزیك شێوان دەرگای ماڵەکەیمان دەدایە بەر بەرد بەبێ ئەوەی بوێرین بچینە ژوورەوە، تا درەنگانێ هەر زرمەو تەقەی بەردەکانمان نەبێ هیچی دیکەمان گوێ لێنەدەبوو، ئەو کاتانەی بیری دایك و باوکمان نەبوو، تەنیا بۆ ئەوەی پورە مینا بێتە دەرەوەو ببینین هەموو جۆرە چەکێکمان بەکار دەهێنا، دارلاستیك و قۆچەقانیو بۆمبی مۆلۆتۆف و بۆمبی گازی کاربۆنی دەستکردی گەرەکی خۆمان، کاتێ ئەو دوو جۆرە بۆمبە قەدەغە کراوەمان هەڵدەدایە ماڵی پورە میناوە، لەناو پەناو پاسارو سێبەرەکاندا خۆمان مەلاّس دەداو چاوەڕێی بووین بە هەڵکوڕزاوی یاخود بەگڕگرتوییەوە بێتە دەرەوەو یاخود بەهەڵدەداوان هەناسە هەڵمژێ، ئاگری بۆمبەکە دەکوژایەوە گازو دوکەڵی سپی کاربۆنەکە دەرەوەییەوە، بەلاّم ئەوەی نەدەهات پورە مینا بوو، گەڕامەوە تا دەرگاکە بکەمەوەو بچمە ژووری ژێر دار تووەکەی ماڵی خۆمان دەمویست بزانم چۆتە بەهەشتەوە یان، نا دەمویست بزانم مێروولەکە چۆن خۆی گەیاندبووە ناوڕانی، ( (دایکە ئەو پیرەژنە گوناهەیان بۆ خستە ناو گونیەکی سپییەوە) ) بینیم گەرچی دەرگاو پەنجەرەکان شکاون، بەلاّم هەر نەکرابوونەوە، ئەوە دیسان ئەو پەنجەرە شکاوانەیە کە رۆژانێك من خۆمم لێیانەوە رزگار کرد، ژووری ژێر دارتووەکەش وەك جاران بێدەنگە، دایکم هەرگیز نەیدەهێشت بچمە ئەو ژوورەوە، داروبەردی ماڵەکەم دەدا بەیەکدا، رێگەی نەدەدام دەیوت: لە ژێر ئەو ژوورەدا گۆڕی مەشایەخێکی پیرۆزی نورانی ریش سپی لێیە، هەموو پاکیو بێگەردی و خواپەرستی و چاکەیەکی ئەم جیهانەو شیرینی ئەم جیهانە هەیە لای ئەوە، بۆیە هەرکەسێ قاچ بەسەر ئەو ژوورە دابگێڕێ، بۆ شەوەکەی دەمرێ، کەچی خۆی بەنەعلەوە دەچووە ژوورەوەو نەشدەمرد، دەمەوێ بچم، بەلاّم هەزاران یادگاریی و موچڕکەی ساردو تیژ ناهێڵن، کۆنکریتی ژوورەکە قلیشی بردووەو تەزبیح و کتێبێك و قوماشێکی سپی بەجێماوە، پورە مینا لەسەر دیواری نێوانمانەوە هاواری کرد، مەترسە بچۆ، تەنانەت پیاوچاکانیش لەبەر تەقەو ئاگرو لافاودا خۆیان نەگرت، کاتێ بە کەرامەت و پیرۆزی خۆیان بەریان بۆ نەگیرا، ئەوانیش وەك هەموو خەڵك هەلاّتن، مەترسە بچۆ ژوورەوە، قاچێکم خستە ژوورەکەوە، لایەکی ژوورەکە رووخاو پەنجەرەیەك کەوتە خوارەوە،

www.kurdistannet.org
13/07/2003 13:04



تارماییەك وتی ( (هیچ نییە، بۆردمانە) ) مەترسە یا بچۆ یا مەچۆ یا دەچیت یا ناچیت، ئەوە بیری ئاوی ناو حەوشەکەمانە وەك جاران گڤەو گمەگمی لێوە دێ، ئەوە ئێوارە ساردەکەی زستانە کە منداڵە خرپنەکەی دراوسێمان کەوتە بیرەکەوەو، تەرمەکەیمان بۆ نەدۆزرایەوەو، پەنجا شەو من لە بەردەم دەمی بیرەکەدا دانیشتم و چاوەڕێم کرد تا ئەو منداڵە قژکاڵەی کراسێکی سپی لەبەردابوو بێتەوە دەرێ، دایکم و باوکم بەچەترێکەوە دەهاتن، لەبەر مێرووڵەو هەلوژەو تووی وەریوو نەیاندەتوانی بەپێ بڕۆن، دەفڕین و قاچیان نەدەخستە سەر زەوییەکە، ماوەی دوو هەفتە بوو توو دەباری هەلوژەکە دەکەوتە خوارەوە، خەڵکی شارەکە ئەوەندەیان خواردبوو هیچیان توانای قسە کردن و پێکەنینیان نەمابوو کەچی دایك و باوکی من چەترێکیان بە دەستەوە بوو لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان دەفڕین و پیاسەیان دەکرد، هاتن بۆ لای من بە ئاسمانەوە بەمنیان وت:

( (رۆڵە گیان تەرمەکەیان برد، لێرە نەماوە ئێستە لە بەهەشت دایە، بڕۆ ئەوەتە لەبەهەشتە) ) ، من بە پیاوی سەرتەنورەکەم وت: ( (ڕێگەی بەهەشت لە کوێوەیە؟) ) من و پیاوەکە لەسەر تەنورێکی گەرم و خۆش و هێمن بووین، جار ناجارێ پیاوەکە تفێکی سوری دەکردە ناو تەنورکەوەو پاش تفەکە گڕی ناو تەنورەکە بەرز دەبۆوەو هار دەبوو، منیش دەمپرسی ( (تفەکەت بۆ سوورە) ) ئەویش دەیوت ( (هیچ نییە، ئەوە تۆزێ دانم دێشێ) ) ، ئاگرەکە هار دەبوو تۆزێ توکی پیاوەکەی هەڵدەکرۆزان بۆ ئەوەی سەرمای نەبێ دەچووەوە ناو تەنورەکە، پیاو نەبوو پشیلە بوو جار جار دەبووە بزنێکی ریش چەرموو، زۆر جار دەبووە ژنێکی ئەسمەر، دوو دەقە جارێ یان پتر قسەیەکی دەکردو سمتی بەملاو ئەولادا دەجوولان، گەڕامەوە ژێر ئەو دار تووەی شەوانە لێمەدبووە پیرەژنێکی قژن و جلە شۆراوەکانی سەر تەنافەکەی سەربان هێشتا وشك نەبوو بوونەوە، دایکم دەیوت ئەم دارتووەش پیرۆزە، هەر چونکە شەوانە کاتێ مەشایەخەکە برسی دەبێت لەو ژوورە دێتە دەرەوەو لەو تووە دەخوات، لە نەنکم بیستبوو سالآنێکی دوورتر لەو کاتەوە ئەم شوێنە گۆڕستان بووە، (دایکە ئەستێرەو توو کامیان شیرینترن) گەلآی وشکە وەبووی ژێر دارتوەکە وایدەردەخست ماوەیەکی زۆرە دارەکە ئاو نەدراوە، پورە مینا دەیوت مێزدراوە بۆیە گەلآکانی زەردە، پورە مینا دەپاڕایەوە کاتێ لە چوار لاوە پەلیان گرتوو بەرزیان دەکردەوە، دوانیان دەستی چەپیان لێکردەوەو بردیان، دوانی دیکەش دەستی راستیان قرتاندو خواردیان، پورە مینا لەو سەرەوە دەهاتەوە بەقریکەی پێکەنین بە دوو پەنجەش مێرووڵەی دەکوشت، هیچ نەبوو هیچ دوو ژوورو هەیوانێکی تاریك، چرایەکی لوولە شکاوو، تەختە دارێکی پان، دانیشتبوو پێنەدەکەنی هێمن بوو دەنگی تەقە دەبیسترا، لەو بەیانیە فێنکەدا کاتێ من چوومەوە، بینیم نوێژ دەکات، ئەمە ئەو نوێژ کردنەی نەبوو، زۆر دوور بوو لەو ئێوارەیەی کە ئاوا نوێژی دەکرد کاتێك هەڵمانکوتایە سەری، چووین سەتڵێکی کون بومان پڕ لە ئاو کردو کردمان بەسەریدا ئەو هەڵنەستا، چووین عەلادینەکەیمان کوژاندەوەو بۆقێکی بۆرمان خستە ناو چێشتەکەیەوە، تورە نەبوو، سەیری دەکردین و سەیری نەدەکردین، چارۆکەکەی پشتیمان هەڵدایەوەو دامانەوە بەسەریداو چەقۆیەکی زلی سپیمان لە پشتی دا، نەجوولا، بەلآم مێرووڵەی رەنگاو رەنگ لە شوێنی برینەکەیەوە دەهاتنە دەرێ بە زۆری سوور بوون، لوتیمان گرتوو چەپۆکێکمان دا بەسەریدا چووینە سەر هەردوو شانیو خۆمان هەڵدایە سەر بەرماڵەکەی، ئەو هەر لێوی دەجولآ، نوێژەکەی تەوا کردو بەرماڵەکەی دا بەسەر شانیداو وتی: ( (دوعای باشم بۆ کردوون) ) . ئیدی رۆژانێکی زۆر تێپەڕی تا ئەوەتا من ئەو قادرمانە دەبینمەوە کە پورە مینا دوای نوێژەکەی بەسەریا سەرکەوت بۆ ئاسمان، ئای لەو ساتەوەختانەی نەمانزانی چۆن چۆنی رۆیشت، زۆر گەڕاین بۆ ئەوەی بیدۆزینەوە، دەنگی دەهات، قاپ و قاچاغەکەی لەوێدا بوون چێشتەکەی ئێوارەی نەخواردبوو، نەعلی لە پێ نەکردبوو هیچیشی لەبەردانەبوو، ئەو نیوەڕۆیەی، دەیانشت، ئاگام لێبوو دایکم نەیدەهێشت سەیری بکەم، دەیووت عەیبە، بەلآم من هەر بینیم، کە بردیان مێرووڵەکان چووبوونە ژێر تەرمەکەیەوە، ئەوە هەزارەمین جار بوو، دەیانشت و کفن و دفنیان دەکرد، لە ناوەراستی پرسەکەیدا، لە گەرمەی راچەنینێکا، خۆی دەیوت: ( (کەس بۆم نەگری، من خۆم دەزانم چی دەکەم و چی ناکەم، کەس بۆم نەگری، چونکە تا ئێوە بۆم بگرین، من لەوێ گوناهی پترم لەسەر حیساب دەکرێ) ) ئاخ خۆزگە دەمزانی ئەوێ کوێیە، شەوێکی هاوین لەبەر شنەیەکی فێنکدا هەڵدەلەرزین و زەق زەق تەماشای لەش و لاری پاك و بێگەردی پورە

www.kurdistannet.org
13/07/2003 13:04



مینامان دەکرد، ناسك ناسك جار جار گوڵێکی لێ بەردەبۆوەو سوری دەنواند، پێی دەوتین، گاڵتەتان پێدەکەم، دەمرم و دێمەوە، بەرۆکتان بەرنادەم، نەنکم کە ئێستا کەس نازانێ لە کوێیە هاورێی گیانی بە گیانی پورە میان بوو، زۆر جار دادەبەزیو لەسەر سەکۆی بەردەرگای حەوشەکەماندا لەگەڵ مندا دادەنیشت، بە ئەسپایی دەیوت: ( (با دایك و باوکت نەزانن من هاتوومەتەوە، دەمەوێ پێت بڵێم توخنی ئەو کاولبوەی مینا نەکەوی، مینا فێرە شەوانە لەبەر بەلوعەکەدا خۆی دەشواو جنۆکەکان لە خۆی کۆدەکاتەوەو شەرم ناکات، بۆیە ئەوانیش هەر وەك مێروولەکان عاشقی لەشو لاری بوون و وازی لێناهێنن و شەوانە پاش خۆشتن لەگەڵیدا دەنوون، بە لەرزەوە سەیرمان دەکرد تا بەری بەیان ورتە ورت و چپە چپ لە هەیوانە تاریکە بێدەنگەکەی ماڵی پورە میناوە دەهات، نەکەی بچیتە ژوورەکەوە، نەچیتە ژێر جاجمەکەوە لە ژێر ئەو جاجمەوە دەتبەنەوە سەر کانیە روونەکەی ژێر شەوگارە خۆڵەمێشیەکان، لە یەکێك لە دوایەمین شەودا لەو ساتانەی گەلاکان دەبونەمێروولەی ورد ورد جار جار زل و گوێ پان، مێروولەکان دوو قاچ و قۆڵێکی پورە مینایان بە شارە مێروولەیەکدا بردبوو، سەرو باڵەکەی دیکەی هێشتا بە دەرەوە بوو کاتێ پورە مینا دەیقیژاندو هاواری دەکرد، ئەی هاوار مێروولە خواردمی، مێروولە چووبوونە دەرپێکەیەوە، دەیقیژاند، کەسێ بەفریادی نەکەوت، مردو کورەکەی نەهاتە پرسەکەیەوە، لە ژێر جاجمێکدا کاتێ دەستی لەناو ئاوی جامی حەمامەکەدابوو، دەستی جنۆکەکانم گرت، پێموتن گیانی پورە مینا بۆ کوێ چوو، یەك یەك کۆلان و گەرەك و خانووەکان گەڕام، بێدەنگییەکە دەستکردبوو، من دەمزانی لەوێن، جگە لە ژووری ژێر دارتووەکە هەموو ژوورەکانی تریش گەڕام، تا چاو بڕی دەکرد مێروولە بوو، قسەیان دەکرد سەریان نابوو بەسەری یەکەوە. لە هەندێ ماڵدا هێندە بە خێرایی و پەلەپروزێ هەلاتبون، تا ئەو بەیانیەی من گەرامەوە تەلەفزیۆنەکەیان ئیشی دەکرد، زۆر ماڵ دەرگاکانیان دانەخستبوو، چوومە خانوویەکەوە توتییەکیان هەبوو کە منی بینی هاواری کرد (راکەن، راکەن، مێروولە هات) ) کە گەرامەوە هێشتا کوکوختیەکە گیانی دەرنەچووبوو خوێنی لێدەچۆڕاو دیسان دایکم حەوشەکە گسك دەدات و گەلا وشکەوەبووەکان دەسووتێنێ، ماڵی خۆمان و ماڵی پورە میناش و ئەستێرە وەریوەکانی حەوشەو ملیۆنەها مێروولەش دەسوتێنێ، پورە مینا بە گڕو ئاگرەوە رادەکات، ئەو شەوە تا بەری بەیان پورە مینا گڕی لێ بەرز دەبوەوە نەدەکوژایەوە هەموو شتێکی دەسووتاند کاتێ بەشەقامەکاندا رایدەکرد دەرابەکان بەردەبوونەوەو گڕ لە کەلوپەلی دوکانەکان بەردەبوو، ئەو شەوە بۆنی سووتان و برژانی تەماتە و پیازو گۆشتی ناو عەلوەی شارەکە نەیدەهێشت کەس بخەوێ، ئەمباری ئاوی خواردنەوەی شارەکەش وا گەرم ببوو، دانیشتوانی گەرەکە هەژارەکان و قەرەجەکانی ژێر دەوارەکانی دەرەوەی شارەکە، چووبوون لە نیوەڕۆ گەرمەکاندا بەپێخاوسی خۆیان تیاشتبوو، ئەو شەوانە بوونە یادگاری حەوت رەنگە، ئەو ساتانەی بێ خاوەن بوون بوونە تارمایی و لەبن میچەکاندا وشك ببوونەوە، ئەوانەشی یادگاریان هەبوو ئەو شەوە هەمووی سوتێنرا، پورە مینا بووە تارماییەك لایەکی هەڵقرچابوو، لە ژێرابەکانەوە دەهاتە دەرەوە، رووی نەدەهات ئێواران لەسەر شەقامەکان پیاسە بکات، لەسەر گومەزی مزگەوتی گەورەی شارەکەدا ئاگرێکی گەورەی کردبۆوەو نیوەڕوان لەوێوە بۆ سەر شەقامەکان شۆڕ دەبۆوە گردوو شەقامەکان، بێگوناه سوور بوون، ماڵەکان چۆڵ بوون، ئەو ئێوارەیەم بیر دەکەوتەوە وامزانی بێژەرەکە هەواڵی دامەزراندنی کەناڵێکی فەزایی یاخود دەستکەوتێکی مەزنمان پێ دەڵێ، کاتێ زۆر بەسەرکەوتوانەوە وتی: ( (گفتی خوا هاتە دیو گردە بۆرە پاککرایەوە) ) نەمزانی گردە بۆرە چی تیا بۆگەن ببوو، وا ئەوان توانیبوویان پاش چەندین شەوو رۆژی ژێر ئاگر باران و ئەستێرە باران، پاکی بکەنەوە، دەیانوت گوایە تەرمی بە کۆی زوخاڵ بویی پورە مینایان تیادا دۆزیەوەتەوە، پاش پێنج سەعات هات و هوت و هاش و هوش و گۆرانی و سروود، پاککرایەوە هەر ئەوەش نا، گوایە دەیانوت تا دەگەنە سەر دەریای ناوەڕاست بەپاڵپشتی مێروولە گرد بە گردو یاڵ بە یاڵ و دۆڵ بە دۆڵ پاکی دەکەنەوە، ئای بە هۆی سروودی ئاگرینەوە چەندێ فرمێسکمان رشت، سروودەکان هێندە پڕ جۆش و بە حەژمەت بوون تا بەری بەیانی هەشت رۆژی دواییش، دایکم و پورە میناو خوشکەکانم هەر ژێر نەدەبوونەوەو ئاو بەچاویاندا نەدەوەستا، موختاری گەرەکەکەمان چووبووە سەربانی مزگەوتێ دەیقیژاند ( (لافاوی فرمێسکەکان بە جۆرێکە، گەر بەردەوام بێ هەرەشە

www.kurdistannet.org
13/07/2003 13:04



لەئەمنی گەڕەك و دواتریش ئەمنی شارو ئنجا ئەمنی نیشتمان و دوا دواتریش ئەمنی قەومی دەکات) ) موختارە نەخوێندەوارەکەش فێری ئەمنی قەومی ببوو، سروودەکان دەنگیان بەرزتر دەبووەوە تەواوی خەڵکی شارەکەش دەگریان بۆچی دەگریان؟

شارەکەو دوایی نیشتمانیش کەوتنە سەر لافاو هێندە مێرووڵە مردبوو، لافاوەکە ڕەش ببوو، دەیانوت ئەمشەو گردە شینەو گردە مۆرەو گردە ڕەشەو گردە خڕەو گردە جنۆکەو، یاڵە شەیتانۆکەو یاڵە سێوکەو دۆڵە نەرمەو دۆڵە لابەلاو دۆڵی پورە مینا، بە پاڵپشتی مێرووڵە تەواوی گردەکانی دیکەش تا سەر دەریا پاکدەکەینەوە، دەڵێن ئەو بارودۆخە تا ساڵی سێ هەزار درێژەی دەبێ، لەوەو دوا ئیدی پورەمینا دێتەوە و کوڕەکەشی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، دەیانوت گوایە ئەوەش کوڕی خۆی نییە، چونکە باوکی تا ئەو کاتەش کەس نەیدیبوو، چیدی مێرووڵەکانیش ناچنە ناو گەڵیەوەو دەچنە ناو شارە مێرووڵەکانی خۆیان، گەڕامەوە کورسیەکەی باوکم هێشتا دەجوولاو کەڕویەکی زبری لەسەر بوو، ژووری ژێر دارتووەکە سارد وبێدەنگ بوو قەوانە فیشەك و لەتە قاچ و لەتە دڵ و لەتی جگەر نازانم جگەری کوکوختی بوو یا مێرووڵەو چاوی ڕەنگاورەنگ لەسەر شەقامەکانی شارەکە دەبینران تارماییەکان شەوانە پاسی شەقامەکانیان دەکرد. ئاوی لافاوەکە کشابۆوەو چەندین دەریاچەی شین شینی دروست کردبوو ئاگرەکەش کوژابۆوە، بەڵام زۆر تەرم هەبوون هێشتا دوکەڵیان لێهەڵدەستاو بۆنی کروز دەهات و دەنگی تەقە دەبیسترا، هەرچەندە ساڵی دوو هەزار تێپەر نەبوو، بەڵام دەنگی تەقە هەر هەبوو، دیار بوو گردەکان بە تەواوی پاکنەکرابونەوە، پەپولەکان دەفڕین دەچوون میزیان بەسەر گوڵەکاندا دەکرد، ئاوی بەلوعەکە دەڕۆیشت پورە مینا گاڵتەی پێدەکرد، تارماییەکان ختوکەی پشتیان دەداو ئەویش بەبێ دەنگی دەستێکی بەرز دەکردەوەو ئاوڕێکی لێدەدانەوە، تووی باریوی حەوشەکەمان هێندە زۆر ببوو، نەمدەتوانی دەرگای حەوشەکەمان بکەمەوەو بڕۆم. نازانم گەلابوو ئەستێرە بوو لەتە قاچ بوو ئەوەندە باریبوو نەمدەتوانی پەنجەرەیەك بکەمەوە، لە هەموو شوێنێ مێرووڵە هەبوو، کە میزم دەکرد مێرووڵە دەهاتە دەرەوە دەرشامەوە مێرووڵەم هەڵدەهێنایەوە، تەنیا ژوورێ کە چۆڵ بوو بۆ خەوتن دەشیا. ژووری ژێر دار تووەکەی حەوشەبوو، نەدەچووم، چوومە سەردیواری نێوانماڵی خۆمان و ماڵی پورە میناو سەیرێکی هەیوانە تاریکەکەیانم کرد، وابزانم مێرووڵەی لێدەنا، دەنگم بەرز کردەوەو پێموت ( (پورە مینا سبەینێ شەممەیە، دەبێ بگەمەوە سەر دەریا، ئەگەر مێرووڵە هێشتی، ئەمشەو دەترسم، با بێمە لای تۆ بخەووم) ) .

وەڵامی نەدامەوە مێرووڵەکان جلەکانیان لەبەرما دادەکەند، گازی ورد وردو خنجیلانەیان لە قاچم دەگرت، نائومێد بووم لەسەر دیوارەکە هاتمەوە خوارەوە تەقەش دەبیسترا، ساڵی دوو هەزاریش تێنەپڕیبوو تەقە هەر مابوو، نازانم تەقەی پشتی مێرووڵەکان بوو کاتێ لەسەر بان و لەسەر مێزوو لەسەر بەردو لەسەر کورسیو لەسەر گومەزی مزگەوتەکان و لەسەر پیاڵەوە دەکەوتنە خوارەوەو شەقەیان دەهات و زرمەیان دەهات، تەقەیان دەهات، لەو کاتەدا گوێم لە .... . پێکەنینی پورە مینا بوو، پرسیم ئەدی بۆ وەڵامی منی نەدایەوە، لەوانەیە پێی ناخۆش بووبێ من ئەمشەو بچمە لای، ئەو شەوە من مەبەستم بوو کەمێ بخەوم، بەڵام تەنیا ژوورێ کە چۆڵ بوو ژووری ژێر دارتووەکە بوو، ژووری مەشایەخەکە بوو، چوومەوە بەردەرگای ژوورەکە چار نەبوو، کۆنکریتەکە قڵیشی بردبوو تەزبێح و کتێبەکەی لێ جێمابوو، چوومەوە سەر دیواری نێوان ماڵی خۆمان و ماڵی پورە مینا دەبێ بچمەوە سەر دەریا، دەترسم، با بێم لای تۆ بخەوم، سبەی شەممەیە.

پاییزی ١٩٩٧
هەولێر

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.